# فەتاح دەڵێت: بەڵێ منیش لەناو (وێنەکە)دام



**پاشـــئەوەی ڕۆژنامەنوس ئەســـعەد جەباری لینکی بابەتەکەی بۆناردم، کە لە ماڵپەڕی کوردستانی نوێ و لە ژمـاره (٧٢٦٩) ی ڕێکەوتی ١٧ی ئـــایـاری ٢٠١٧ ی ڕۆژنـــامەی کوردستانی نوێ)شا بڵاوکراوەتەوە، سـەرباری سـەرقاڵییەکی زۆرم بەڵام کەزانیم دەربارەی ئەنفاله دەســـتم کرد بەخوێندنەوەی، نایشـارمەوە کە لەگەڵ ئەوەشـــدا دڵخۆش بووم بە دۆزینەوەی کەســـێکی نـاو وێنەکە بەڵام نەمتوانی گومانەکەم بشارمەوە، بەڵـکـو جـگەلەوەی لەگەڵ کـاک ئەســـعەد گفتوگۆمـان کرد لەژێر پۆســـتی هاوڕێیەکیشـــدا ئەم کۆمێنتەم نوســـی ( لەگەڵ ڕیزێکی زۆرم بۆ کاک فەتاح وکاک ئەســـعەد جەباری و ئێوەی خۆشەویستیش من هیشتا بەگومانم لەم وێنەیە چونکە منیش چیرۆکێکی تری ئەم وێنەیەم لەلایە هەڵبەتە هیچ گومانم لە راستگۆی کاک فەتاح نیە، بەڵام گومانم لە یادەوەری بەرێزی و شوێنی وێنەکە هەیە.. ) خۆشبەختانە کاک فەتاح واتا ئەو کەسـەی ناو وێنەکە بەکۆمێنتێک وەڵامی دامەوەو هەر ئەمشـەو بەهۆی کۆمێنتەکەمەوە کەوتینە گفتوگۆ، خۆشـحاڵ بووم کەوا تێگەیشـــتنێکی باشـــی هەبوو، بەبێ ئەوەی هیچ هەڵچونێک لە نێوانماندا روبدات گفتوگۆیەکی کورت وکراوەمان کرد، من گومانەکـانم نەشـــاردەوەو ئەویش جەختی کردەوە و گوتی بەڵێ ئەوە وێنەی منـداڵانی ئەنفالەو یەکێـک لەومنداڵانەی ناو وێنەکە منم . بۆیە بەپێویستم زانی پاشئەوەی مۆڵەتم لە ڕۆژنامەنوس ئەسعەد جەباری وەرگرت، کۆی هەڵە ڕێنوســیەکانم راســتکردەوە کە بەســـەر (ماڵپەرو ڕۆژنامەی کوردســـتانی نوێ) دا رۆێشـــتبوون دەقی دیدارەکە لەماڵپەری ئەنفالستان بڵاوبکەینەوە . سەبارەت بەم وێنەیە لە ماڵپەرو گۆڤاری ئەنفالستاندا گومانەکەم نەشاردووەتەوەو وا بڵاوم کردووەتەوە کە ئەم وێنەیە پەیوەندی بەئەنفالەوە نیە و پێدەچێت هی ئاوارەیی ساڵی ١٩٩١ بێت بەڵام کە ئێستا کاک فەتاح پەیدا بووەو جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە دوای وردبینی و بەدواداچوونی زیاتر ئەوسا دوا قسەو بیروڕای خۆم دەخەمەوە رو بڵاوکردنەوەی ئەم دیدارەش پشـــتیوانیە لە کاک فەتاح وکاک ئەســـعەد جەباری و وەک هەوڵێکی گرنگ بۆ ساغکردنەوەی راستی بەڵگەی تاوان دەیخەمەوە بەردیدەی خوێنەران .  سوپاس بۆ کاک فەتاح کەوێنەیەکی منداڵی خۆی بەمەبەستی بەراورد کاری بۆ ناردم ..تکایە لەخوارەوە وێنەکە ببینە .**
**عومەر محەمەد سەرنوسەری ماڵپەڕی ئەنفالستان .**

**ئەوەی خوارەوە دیمانەی نیوان ڕۆژنامەنوس ئەسعەد جەباری و فەتاح خاڵۆبازانیە**

# ئەنفالکراوێک، چیرۆکی وێنەکەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە لە ئەرشیفەکانی بەعسەوە !!

ئەسعەد جەباری17/5/2017



ئێمەش ئەو وێنەیەمان بینی بوو، تە نانەت لە»مۆزە خانەی نیشتیمانی ئەمنەسوورەکە» بەگەورەیی هەڵواسراوە وەکو وێنەیەک هیمای نە هامەتیکانی نەتەوەی کورد، ژمارەیەک منداڵ لەنێو سەربازگەیەکی رژێمی بەعسی رووخاو جیادەکرێنەوەو وێنەیەکیان دەگیرێ، ئەم وێنەیە ڕۆژ گار دێت و ڕۆژ گار ئەڕوات پاش چەندین ساڵ کەسێک لەنێو ئەو وێنەیەدا خۆی دەدۆزێتەوە وەکو رزگاربوویەکی ئەو تاوانە ویژدان هەژێنەی مێژوو.

دوای 29ساڵ لەوەیشوومەی هەڵمەتی پرۆسەی ئەنفال–ی بەعس، هەتا ئێستاش و بۆ سەدان ساڵی تر برینەکان سارێژ نابن، چیرۆک و حیکایەتەکانی ڕاوەدوونان و گرتن و ئە شکەنجەو زیندانیکردن و برسیکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ یاخود تاک تاکی دەستبەسەرانی ئەو پرۆسەیە هێندە جەرگبڕە هیچ کە سێک لەئا ستیدا خۆی ناگرێ، نەتەوەی کورد پێویستە لەئێستاو بۆ تاهەتایە بەدووی راستیەکان و هەڵماڵینی رووداوەکانی ئەو پرۆسەیەدا بگەڕێ، بەئەندازەیەک لەهەر کوێیەک سەرنجێک یان تێبینی یاخود بابەتێک لەبابەتەکانی پەیوەست بەئەنفالەوە بەرچاوکەوت بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ئەو بابەتە ساغبکاتەوە و مافی ڕاستەقینەی خۆی پێبدات.




**وێنەگرێکی میدیاکانی بەعس ئەم حیکایەتە وێژدان هەژێنەی لێرەدا دەمەتەقێیەکی ووردی لەسەر دەکەین بە گێڕانەوەی شێنەیی زۆر زۆر ئاسانە، وەلێ رووداوەکانی ناو ئەم چیرۆکە دڵتەزێنە زۆر زۆر گرانە کە مرۆڤ بە ئاسانی خۆی لەبەردەمی ناگرێ، دوای 29ساڵ گەنجێکی ئەنفالکراوی کورد خەڵکی گوندی «خاڵۆبازیانی» لەپاش ساغکردنەوەی وێنەیەک کە بەردەستکەوتوە لەدوای پرۆسەی ئازادیەوە بەڕێکەوت لەنێو ئاپۆرەی گیراوەکانی ئەو پرۆسەیەدا وەکو مێرد منداڵێک دەرکەوتوە لەگەڵ هاوڕێ دەستبەسەرەکانی لەکاتی کۆکردنەوەو جیاکردنەوەیان، ئا لەو ساتەوەختەدا وێنەگرێکی میدیاکانی بەعس دوای ئەوەی پێیان دەڵێ سەیرم کەن، ئیدی کامیراکەی دەچرکێنێ و وێنەیەکیان دەگرێ، ئەم کوڕە ئەنفالکراوە تاکو ئێستاش ئەو دیمەنەی لەیادماوەو لەبیرەوەری و ئەندێشەکانیدا دەژین، ئاسان نیە کاتێ بتەوێ باس لەتراژیدیای تاوان و مەرگەساتی ئەنفال باس بکەی بەتایبەتی بۆکەسانێک خۆیان قوربانی و خۆیان ئازارو خۆیان تابلۆیەکبن بەسانایی نەتوانرێ خوێندنەوەی بۆ بکەن.**

## سەربازەکان دەستیانکرد بەجیاکردنەوەی خەڵک

**فەتاح مام ئەسوەد خالۆبازیانی، بەم جۆرە بۆ ئێمە دوا:**

**–لە نێوان هەردوو گوندەکانی (سۆران و تەکیە)ی ناوچەی جەباری ئێمەیان دەستەبەسەرگرت و لەوێ خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچەیەیان کۆکردەوەو پاشتر هەموومانیان برد بۆ لیوای–ی سەربازی چەمچەماڵ، مەعەسکەرێک بوو بۆ زیاتر لە شەش سەعات یاخود لەنێوان 24سەعاتدا ئەو خەڵکەیان هێشتەوە، دواتر ئێمەیان کردە پاسی نەفەرهەڵگری (مونشەئە)وەو لەوێشەوە بۆ تۆپزاوا، لەوێش بردمانیان بۆ سەربازگەیەک و یەکسەر دابەشیانکردین بۆسەر هۆڵە جیاجیاکانی ئەو سەربازگەیەوە، دوای دوو ڕۆژ هەرچی خەڵکێکیان هێنابوو دەستیانکرد بەجیاکردنەوەیان، چاکم لەبیرە ژنێک خەڵکی سەنگاو بوو، داخی گرانم بەسەربازەکانی ووت: (مێزم دێ) بەشێوەزاری سەنگاوی پێی ووتن، کەسێک نەبوو گوێی لێبگرێ کە دواتر هەر ئەو هۆڵەی ئێمەی لێبووین کرا بەسەراو «تەوالێت»، لەهەمانکاتدا بوو بە شوێنی نیشتەجێ**

بوون و شوێنی خەوتن بۆ خەڵکی، زۆریش بەزەحمەت خواردنیان دەدا بەخەڵکی دەستبەسەری ئەوێ، دوای دوو ڕۆژ ئێمەیان کردە دەرەوە لە هۆڵەکان، سەربازەکان دەستیانکرد بەجیاکردنەوەی خەڵک، دایک لە منداڵەکەی و پیاوە گەورەکان هەرزووتر جیاکرابوونەوە لە دووری ئێمە بەشەش بۆ حەوت هۆڵ، بیرم دێ کە پیاوەکانیان دەهێنا بۆ سەراو»تەوالێت» ریزیان دەکردن لە نێوان هەردوو پیاودا یان سێ پیاو (ئەمن)ێک لە نێوانیان بوون و کێبڵیان بە دەستەوە بوو، هەر پیاوێکیش بچووبایا بۆ میزکردن لەوانەیە 100کێبڵیان لێبدایا تا دەگەیشتە تەوالێت و دەگەڕایەوە، زۆرشتمان بینی بەچاوی خۆمان زۆریش کاریگەری لەسەرمان هێشتەوە.

**یەکسەر پیاوەکانیان جیاکردەوە**

باوکم لەبان جەباری گیرا لە نێوان گوندەکانی تەکیەو سۆران دەستبەسەرکرا، هەر لەوێ یەکسەر پیاوەکانیان جیاکردەوە، ژنان و منداڵیش بەجیا بارکراین بەئۆتۆمبیلی سەربازی، ئیتر لەو ساتەوەختەوە من باوکی خۆمم نەبینیەوە کەلێمانیان جیاکردەوە، ئێمە بە ئەسڵ خەڵکی گوندی «خالۆبازیانی»ین، پێش ئەنفالەکە بەزیاتر لەساڵێک ماڵومولکمان گواستەوە و چووین لەدالآوای گوندی شێخ مەحمووی-ی ناوچەی جەباری نیشتەجێبووین، لەبەرئەوەی باوکم سەربازی هەڵاتووی رژێم بوو.

دوای گێڕانەوەیەکی زۆرو سەرگوزەشتەی هاتن و چوونیان بۆ ئەو گوندە لەترسی جەبەرووتی بەعس و پیاوانی رژێم، فەتاح مام ئەسوەد زۆر بەکەساسی و دڵێکی پڕ لەحەسرەت و ئازارێکی قووڵ، بۆماندوا سەبارەت بەوێنەیەک کە ڕیزێک منداڵ وەستاون لەیەک ساتەوەختدا وێنەیەکیان دەگیرێت، بەشێک لەومنداڵانە بەدەم خەندەی پێکەنینەوە دەڕواننە فۆتۆگرافەرەکە!، کاک فەتاح-ی رزگاربووی ئەنفالکراو بەمشێوەیە باسی ئەو وێنەیەی بۆ کردین:

-ئەو وێنەیە هەمان سەربازگەی تۆبزاوایە، بەتەنیشت گردێکی خۆڵەوە کەوەکو سەنگەر سەربازگەکە بەکاریهێناوە ئێمەیان ریزکرد منداڵ بەجیا، منداڵەکانیش ئەوانەی تەمەنیان لە12ساڵ کەمتر بوو بەجیا ریزیان دەکردن و ئەوانەشی تەمەنیان لەدوانزە ساڵ زیاتر بوو ریزێکی تریان پێ درووست دەکردن، وێنەگرەکە بەدانیشتنەوە ئەو وێنەیەی گرتوە، حەز دەکەم ئەوە بزانیت کاک ئەسعەد هەرچی ئەوانەی گیراون لەپرۆسەی ئەنفالدا دڵنیاتان دەکەمەوە کە وێنەیان گیراوە چ بەتاک یان بەکۆمەڵ، لەبەر ئەوەی من خۆم یەکێکم لەوانەی کە وێنەمگیراوە، ئێستا هەقە لایەنە سیاسیەکان بگەڕێن بەدووی ئەو ئەرشیف و وێنانەو بیاندۆزنەوە کە هەبوون لەفەرمانگەکانی ئەمنی بەعس یاخود سەربازگەکانیان یان هیچ نەبێت لەدەزگا میدیاییەکانیان ئەرشیفکراون بۆچی کەسێک نیە خەمی ئەومەسەلەیە بخوات، من پێم وایە دەبێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئەم مەسەلەیە بەجدی وەربگرن و ئەرشیف

و دۆکۆمێنتەکان بدۆزنەوەو ئاشکرای بکەن بۆ نەوە لەدوای نەوە تابزانن ئێمەی کورد چیمان بەســـەرهاتوە، هەموو ئەنفال بەڤیدیۆ وێنەیان گیراوە، من خۆم ئەگەر جوان ســـەرنجی ئەو وێنە فۆتۆیە بدەی تەماشـــــای کامیراکە دەکەم، زۆربەمان هەر ســـەیری کامیراکە دەکەین، خەڵکی ئێمە لامان سـەیربوو شـتێک لەسـەر شـانی کەسـانێکەو بەدەوروپشـتماندا دەهاتن و دەچوون وێنەیان دەگرتین، ئێمە ئەوکات کامیراو ئەو شـــتانەمان نەدیبوو بۆیە بەلامانەوە ســــەیربوو وەکو خەڵکی گونـد، لەوێ بەکۆمەڵ وێنەیـان دەگرتین، کـاتێکیش کە خراینە هۆڵەکانەوە یەک یەک جیاکراینەوە بۆ وێنەگرتن ژن و منداڵ و پیاو تاک تاک وێنەمانیان دەگرت، ئەو وێنانە بۆ ئەرشـیفی بەعس دەگیران، ئەم ئەرشـیفە من دڵنیام تائێسـتاش ماوە بەڵام کەس نازانێ لای کێیە!

## حیسابی پیاوی کامڵیان بۆ دەکردن

ئەوانەی لەم وێنەیەدا دەبینرێن ئەوانەبووین جیـاکرابووینەوە وەکو تەمەن، ئێمە خوار تەمەن 12 ساڵان بووین، ئەوانە شی سەروو تەمەنی 12 ساڵان بوون حیـسابی پیاوی کامڵیان بۆ دەکردن، بەڵام بۆ ژنان لەڕووی تەمەنەوە تێکەڵاوبوون گەورو بچووک پێکەوەبوون، دوای ئەوەی 21 ڕۆژ لەســـــەربازگەی تۆپزاواماینەوە پاشـــــان براین بۆ دووبز، کۆمەڵێکیشـــمان گواســـترانەوە بۆ نوگرە ســـەلمان، ئەوەی ئێمە کە گواســـتراینەوە بۆ ســـەبازگەی دووبز کە چووینە نێو هۆڵەکانیەوە هێشـتا کەرەسـەی سـەربازو سـەربازگەکە مابوەوە لەنێو هۆڵەکە، لەبیرمە لەگەنێکی نانخواردنم دۆزیەوە دواتر بەکارمان دەهێنا بۆ گەرمکردنەوەی خۆراک، من هەر لەگەڵ دایکم بووم، تەنها 2ڕۆژ نەبێت دووریانخستینەوە لەدایکم ئەویش لەسـەربازگەی تۆپزاوا، من و «سـێوە»ی خوشکم و دایکم پێکەوە گیاربووین، باوکیشـم وەکو باسـمکرد هەر لەنێوان گوندی سۆران و تەکیە لێمان دابڕاو گیرا، ئیتر نەمانبینیوە، دایکم ناوی دوورسن»»و بەئەسڵ هەر خەڵکی خاڵۆبازیانی-یە کچی حاجی صاڵح ڕەباتی-یە.

## نەمتوانی بەجێیانبهێڵم و مامەوە

فەتاح مام ئەسـوەد وەکو زیندانێکی سـیاســی و کوڕێکی هەڵکەوتەی خوێنەوارو ژیر هەموو ژیانی خۆی پاش ئەو ڕووداوانە وەکو شریتێکی سینەمایی هەر لەبیرماوە، تەنانەت ئەو وەکو مێردمنداڵێکی بزێو دەڵێ هەرگیز ترســم نەزانیوەوەو ئەگەر بمویســـتبا هەر لەســـەربازگەی دووبز دەمتوانی ڕابکەم، بەڵام لەخۆشـــەویســـتی دایکم و ســـێوەی خووشـــکم نەمتوانی بەجێیانبهێڵم و مامەوە هەر لەگەڵ ئەوان، کاکە فەتاح درێژەی دا بەقسەکانی و ووتی:

-ئێمە نزیکەی شـــەش مانگ هەر لەســـەربازگەی دووبز بووین، لەوێ ســـەرەتا خواردنێکی خراپمان هەبوو، بەڵام دواتر تۆزێک باش بوو خواردنەکەمان، لەوێش هۆڵەکان ناونرابوون

هەر هۆڵێک بەناوێکەوە، بۆنموونە هۆڵێک ناوی کەرکوک بوو، هۆڵێکیتر ناوی سەڵاحەدین بوو، بۆنموونە ئەوانەی دەخرانە نێو هۆڵی سەڵاحەدین ئەوانەبوون کە خەڵکی «لەک» یان «قادر کەرەم»بوون، هەر هۆڵێکیش بەلای کەمەوە نزیکەی 500 بۆ 600 کەسی تیابوو، لەهۆڵەکەی ئێمە پیاوی گەورەمان لەگەڵ نەبوو، سەبارەت بەمنداڵیش ئەوەی لەهۆڵەکەی ئێمەبوو خوار 12 ساڵان بوو، بەشی هەرەزۆری 10 ساڵان بوو، خۆم ئەوکات 9 ساڵان بووم، من لەڕاستیدا لەدایکبووی 1977م بەڵام لەتەسکەرە 1980م دایکم کارێکی باشی کردبوو کە تەسکەرەکانی ئێمەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو دەنا منیش جیادەکرامەوە لەدایکم، هەبوون تەسکەرەیان پێنەبوو جیادەکرانەوە لەگەڵ پیاوەکان هەژماردەکران و بران بۆ نووگرەسەلمان و نەهاتنەوە، منیش بەڕێکەوت مامەوە دەنا ئەگەر تەسکەرەکەم نەبوایە ئێستا چارەنووسم نادیار دەبوو وەکو زۆرێکیتر لەخزمانم، کاتێکیش کە لەتۆپزاوا جیاکراینەوە پیاوەکانیان برد لەبیرمە ئەو کەسانەی کە ئەمن و پیاوی رژێم بوون زۆر گەنج بوون، لەوکەسانەبوون کە هێشتا هاوسەرگیریان نەکردبوو خۆیان ماڵ و منداڵیان نەبوو هیچ رەحم و بەزەییەکیان نەبوو بەرامبەر بەوخەڵکەی گیرابوون و لەبەردەستیان بوون.

**وەکو شەهیدێکی پەپولە رووحی سپارد**

دادە «نەبات» ناوێکمان لەگەڵ بوو خەڵکی ناوچەی جەباری، ئەو لەو هۆڵەکەی ئێمە بوو، بیرم دێ دادە «نەبات» کچێکی هەبوو ناوی «زەیتوون» بوو، ئەو کچەی دادە «نەبات» تووشی لەرزو تایەکی زۆر هات، دایکیشم کە خەمخۆری هەموو کەسێک بوو لەگەورەو بچووک ڕۆیی بەدەمیوە بەمەبەستی ئەوەی «زەیتوون» ساردبکەنەوەو لەرزو تایەکەی دابەزێ، ئەو لەترساندا وای لێهاتبوو نزیکەی تەمەنی هەر 7 بۆ 8 ساڵانێک دەبوو کچێکی سوورو سپی زۆر جوان بوو تا ئێستاش دیمەنی ئەو کچەم هەر لەبەرچاوە لەبەرئەوەی شوێنی دانیشتنی ئێمەو ئەوان نزیک بووین لەیەکەوە، ئەو کچە لەپڕ ڕایکرد بەرەو پێڵاوەکەی کە جزمەیەکی سەوز بوو دەمی بۆ جزمەکە بردو ئیتر هەر لەوێدا گیانی سپارد و کۆچی دواییکرد وەکو شەهیدێکی پەپولە رووحی سپارد، ئەو دیمەنەم هەتا هەتایە لەبەرچاو ناکەوێ.

**زۆریان خەڵکی گەرمیان بوون**

ئەو هۆڵانە جاروبار خەڵکەکەیان دەگواستنەوەو دەبران بۆ شوێنی نادیار کە دواتر زانیمان بەرەو خوارووی عیراق براون بەمەبەستی لەناوبردنیان، زۆریان خەڵکی گەرمیان بوون لە هۆڵەکانی سەڵاحەدین بوون ئیتر نزیکەی 12 هۆڵی گەورە زیاتربوون هەموویان گواسترانەوە پێش عەفوعامەکەی 6ی ئەیلوولی ئەو ساڵە بە3ڕۆژ هەرهەموویان بران بۆ نوگرەسەلمان، ئەوانە زیاتر خەڵکی کەلارو کفری و دووزو قادر کەرەم و جەباری و قەرەحەسن بوون، ئەو

خەڵکانەی بران بۆ نوگرە سـەلمان ئەگەر عافوی نەدەرایا ئەوا ئێمەشـیان دەبرد بۆ نوگرە سـەلمان لەبەرئەوەی گواسـتنەوەی ئەو خەڵکە یەک بەدوای ئەکی هۆڵەکان بوو کە سـەرەتا لەهۆڵەکانی سەلاحەیدنەوە دەستی پێکرد.
فەتاح مام ئەسـوەد ڕۆژە رەشـوو شـوومەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە بۆمان کە چۆن ئەو وەکو منداڵێکی زیتەڵ و وریا لەنێو هۆڵەکانی ئەو سـەربازگەیە وەکو تەتەرو هەواڵگر بۆنێو کەسـوکارو خزم و خویش چ رۆڵێکی گێڕاوە تا زۆرترین زانیاری کۆبکاتەوەو ئەوانەی ناو هۆڵەکەی خۆیان هوشـیار بکاتەوە لەهەر ئەگەرو گۆڕانکاریەکی تراژیدیایی، پاشـان باسـی گەڕانەوەو ئازادکردنیان دەکات کە چۆن دوابەدوای (عەفوعام) لێبوردنی گشـتی 6ی ئەیلوولی 1988 بەچەندین ڕۆژ دوای ئەو لێبوردنە گشتییە هەر مابوونەوە لەنێو ئەو سەربازگەیەدا تا ئازاد دەکرێن، چیرۆکی ئازادکرنیان حیکایەتێکیتری کاکە فەتاح-ە هاوشـانی کەس و خزمە نزیکەکانی کە زیاتر لە 6مانگ دەسـتبەسـەربوون بەم شـێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دەگێڕیاەوە:

**هەتا هەتایە لەبیرناچنەوە بەئاسانی**

-دوابەدوای عەفوعامەکە هێنامانیانە عەربەت و پاشـان بۆ بەکرەجۆ دواتر بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی باینجان لەوێ لەنێو قوڕو لیتەو چڵپاوی باراناوی ئازادیانکردین، ئیتر من هەر ئەوەندە دەزانم ئەو ڕۆژەی ئێمە گەیشـتینە کۆمەڵگای زۆرەملێی باینجان لەنێو قوڕو لیتەو چڵپاودا خۆمان دۆزیەوە، یەک هاوینی گەرمامان بردە سـەر لەسـەربازگەو بەندیخانە کلۆمدراوەکانی بەعس بەناخۆشـی و چەمەسـەری و ئازارو ئەشـکەنجەو مەینەتی و بینینی دیمەنی ترسـناک و لێدان و ڕاوەدوونان و برسـێتی و شـەڕی دەروونی و مردنی کەسـوکار بەبەرچاوتەوە لەو ڕۆژە سـەختانەدا ئەوانەو زۆرێکیتر ئەو دیمەنە جەرگبڕانەن کە هەتا هەتایە لەبیرناچنەوە بەئاسـانی، ئەوەندەی دێتەوەبیرم سـەرەتای زسـتان بوو ئێمەیان ئازادکرد چونکە لەبیرمە کەگەیشتینە عەربەت لەوێ باران دەستیپێکرد و خەڵکی عەرەبت-یش زۆر مەردانە هاتن بەپیرمانەوە بۆ خزمەتکردنمان.

**بە جلوبەرگی خۆیەوە دەیانخستە نێو چاڵەکەوە**

ئەمەوێ ئەوەشـتان بۆ باسـبکەم کە لەکاتێکدا لەو سـەربازگەکە بووین ئەو ماوەیە زۆرێک لەخەڵک گیانی لەدەسـت دەدا بەهۆی تەمەن یان نەخۆشـی یاخود ترس و دڵەڕاوکێ، هەرکەسـێکیش کۆچی دوایی بکردبا یەکسـەر دەیانبرد لەنێو حەوشـەی سـەربازگەکە یان دەرەوەی دیواربەندی سەربازگەکە چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەن و بەجلوبەرگی خۆیەوە دەیانخستە نێو چاڵەکەوە، واتا قەبری تەواویان بۆ نەدەکرا یان ببرێت بۆ قەبرسـان، بەوشـێوەیە



چەندین کەس تا ئێمە لەوێبووین کۆچی دواییانکرد بەتایبەتی پیرێژن لەبەرئەوەی هۆڵەکەی ئێمە هەر ژن و منداڵ بوو پیاوی گەورەمان لەگەڵ نەبوو، ئەوانەشی تەرمەکانیان دەشاردەوە هەر خەڵکی ناو هۆڵەکەبوون، لەم دواییەدا پێش ئەوەی ئازادبکرێین بەچەند ماوەیەک کەسێکی تۆزێ بەرەحم و بەزەیی سەرپەرشتی هۆڵەکانی ئێمەی دەکرد، ناوی عەبدولڕەحمان بوو پێیان دەوت (ئەبو عەوف)، پلەی سەربازی رائید بوو نازانم خەڵکی کوێ بوو بەڵام لەوەش ئەچوو تورکمان بێت!، ئەو پیاوە بەبەزەیی بوو، بۆنموونە لەم دواییەدا ئەگەر ژێک منداڵێکی کۆچیی دوایی بکردبا ئەیهێشت دایکەکەی بچێ لەگەڵیدا بڕوات بۆ قەبرسانی دووبز بەڵام نەدەخرایە قەبرێکی تەواوەوە بەڵکو چاڵیان بۆ هەڵدەکەن و دەخرایە ناو ئەو چاڵەوە بێ ئەوەی کفن و دفن بکرێ.!

کەسێک هەبوو ئەهاتە ناو سەربازگەکە بەمەبەستی کۆکردنەوەی نانەوورده و خاشاکی ناو سەربازگەکە، ئەو چەندین کەسی لەناوبەرمیل حەشارداوەو بردبوونی بۆ دەرەوەو ئازادی کردوون بێ ئەوەی بەرپرسانی سەربازگەکە بزانن، بەداخەوە نازانم ئەو کەسە دڵسۆزە کێ بوو، هەر لەبەرمیلی نانەووردەیا جلوبەرگی بۆ خەڵک دەهێنا، کرێکاری پاککەرەوەی ناو سەربازگەکە بوو خەڵکی دووبز بوو، ئەمانەم بەچاوی خۆم بینیوە.

## پاش 3ڕۆژ شێت بوو

یەک دیمەنم قەت قەت لەبیر ناچێ، هەرکاتێ باسی دەکەم ئازار دەچێژم، شەوێکیان ئەوەندەمان زانی کارەبای هۆڵەکەی ئەوبەرەوەمان بڕا، کچێک نازانم چۆن بوو سەرباز پەلاماریدا یان چی بوو نازانین، بوو بەهاتوهاوار و قریشکەو دەنگە دەنگ هەر ئەو کچە پاش 3ڕۆژ شێت بوو، ناوی «ب» بوو، پێم وابێت خەڵکی قەرەحەسەن بوو، دوای ئەوەی کە شێت بوو ئیتر بەزنجیر بەستیانەوە لەناو هۆڵەکە، کچێکی گەنجی زۆر جوان بوو، ئێمەش وەکو منداڵێک کاریگەری خستبوە سەرمان ئەو ناهەقیە.

کاک فەتاح دێتە سەر باسوخواسی دۆزینەوەی ئەو وێنەیەو قسەمان بۆدەکات لەبارەی چۆنێتی بینینی ئەو وێنەیە بۆیەکەمجا:

–ئەو وێنەیەم لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە بۆیەکەمجار لەساڵی 2006 بینی، وەکو پێشم ووتی بیرەوەری منداڵیم زۆر زۆر باشە، هەموو شتەکانی منداڵی خۆمم بیرماوە، ژیان وەکو شریتێکی سینەمایی دێتەوە بەرچاوم، دوای ئەوەی ئەو وێنەیەم بینی لە2006 وێنەکەم برد بۆ دایکم و پێم ووت» دایە ئەم وێنەیە من نیم؟» پێشم ووت ئەوە منم دایە!!، وێنەیەکی تری منداڵیم هەیە هەر دوابەدوای روداوەکانی ئەنفال گیراوە لەچەمچەماڵ–شۆڕش، کاتێ بەراوردی دەکەی هێشتا هەر هەمان سەروسیماو دەمووچاوم هەیەو نەگۆڕاوە، لەئاهەنگی کوڕێکی پوورمدا گیراوە، ئەگەر ووردبیتەوە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ وێنەی ناو سەربازگەکەی تۆپزاوا، ئیتر دایکم ووتی:بەڵێ ئەوەی لەو وێنەیەدا دیارە تۆی.

**یەک ساڵی رەبەق لەکەلاوەیەکدا ژیانمان بردە سەر**

ژیانمان زۆر بەنەهامەتی و کوێرەوەری بردە سەر لەسالآنی دوای ئەنفالەکەو هەتا راپەڕینی 1991، من بەقاڵیم ئەکرد لەتەیناڵ، زۆر بەزەحمەت ژیاین، باوکم ئەنفال بوو، من و ئاراسی برام و خوشکەکەم پێکەوە لەگەڵ دایکی ئازیزم زۆر زۆر بەناخۆشی ژیانمان بردە سەر، لەبیرمە کەس نەیئەتوانی بمانگرێتە خۆی لەترسی پیاوانی رژێم لەبەر ئەوەی ئەنفالکرابووین و ژیانمان لەژێر هەڕەشەو گوڕەشەی پیاوانی رژێم بوو، یەک ساڵی رەبەق لەکەلاوەیەکدا ژیانمانبردە سەر لەگەڕەکی «پیریادی»یەکان لەشۆڕش، نەژێرمان چیمەنتۆ کرابوو نە خانووەکەش لەبەغ کرابوو، چی باران بباریبا ئاو ئەهاتە ژوورەکانمانەوە، بەبنجک خۆمان گەرم دەکردەوە، هیچ پەرۆ شیەکان نەبوو بۆ ژیان جگە لەوەی تەنها بمێنینەوەو بەس، دایکم کەسێکی ژیرو وریایە، ئێمە هەتا هەتایە قەرزاری ئەوین، ئەچوو لەدوای دەڕاسەوە گوڵەچنەی (گوڵەوەچنی) ئەکردو ئێمەش لەگەڵی بووین لەبەیانیەوە تا ئێوارە پاشان یەک کیلۆ گەنممان دەست دەکەت و ئەیدا پێمان و ئەمانخوارد، (بەدەم گریانەوە).

سەبارەت بەم وێنەیەش تا ئێستا هیچ دامودەزگایەک یان ناوەندێکی توێژینەوەو رێکخراوەکانی ئەنفال بانگی منیان نەکردوە تا قسەم لەگەڵ بکەن سەبارەت بەم وێنەیە، ئەمە یەکەمینجارە ئێوە وەکو «مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنەسوورەکە» بانگهێشتم دەکەن و پرسیارم لێ دەکەن بۆ ساغکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو وێنەیە، هیچ کەسێک نەیناردوە بەشوێنمدا یان لەهیچ شوێنێکیش باسنەکراوم، ئەمە یەکەمینجارە باسی ئەو وێنەیە دەکەم.

**گلەییم لەحکومەتی هەرێم هەیە**

گلەییم لەحکومەتی هەرێم هەیە، ئێوە باش باش دەزانن کە دۆزی رەوای نەتەوەی کورد نە شۆڕش بردیە پێشەوە نە شەهیدی حزبەکانیش لەوکاتەدا، بەڵکو جەبەرووتی رژێم و زووڵموزۆری پرۆسەی قەتڵوعامی جینۆسایدی کوردان لەئەنفال و کیمیابارانی کوردستان و

هەڵەبجەو کۆڕەوی نیسـان1991 مەسـەلەی کوردی بردەپێشـەوەو بەجیهانی ناسـاند تا بەهانـای نەتەوەیەکی زوڵملێکراوەوەبێنو ئەمە ڕۆژگـارەیـان بۆمـان درووسـتکرد، هەنـدێ سـەرکردەی کاریزماییشـمان هەیە وەکو بەڕێز «مام جەلال» ڕۆڵیان هەبووە لەسـەرخسـتنی مەسـەلەی کورد، دەبوو هەردوای پرۆسـەی ئازادی کورد لەخەمی ئەرشـیف و دۆکمێنتەکانی دامودەزگا سـەرکوتکەرەکانی بەعس بوایا، دەبوو لەخەمی هێشـتنەوەی سـەربازگەو شـوێنە سـەرکوتکەرەکانی بەعس بوینایا تا بمێننەوە نەوە لەدوای نەوە بیانبینیبا کە بەعس چ زوڵمێکی لەکورد کردوە، بۆچی لەکەرکوک بایەخ بەم مەسەلەیە نەدرا دوای پرۆسەی ئازادی، ئەبوایا وەکو چۆن لێرە «ئەمنەسـوورەکە» هێڵرایەوەو کرا بەمۆزەخانە ئاوها لەچەندین شێنیتر شوێنە چەوسێنەرەکانی بەعس بمانایا بۆ ئەوەی لەهەموو شێنێک مۆزەخانەیەکمان هەبا، من ئێوە دڵنیا دەکەمەوە کە هەموو شـتێک لای بەعس پارێزراو بوو، هەموو شـتێک وێنەیان دەگرت، هەرچیان بکردبا بەنووسـراو دۆکۆمێنت دەکرا، کوان ئەو دۆکۆمێنتانە، بۆکوێ بران، چیان لێهات، کێ سوودی لێ بینی، هەموو کەسێک گیرابێت لەپرۆسەی ئەنفال یەک بەیەک وێنەیان دەگرتین، تۆ سـەیری ئەو وێنەیە بکە، هەموو منداڵەکان سـەیری کامیرای فۆتۆگرافەرەکە دەکەین، ئێسـتا بەهۆشـی خۆمان هاتووینەتەوە کە ئەوەی وێنەی گرتووین بۆ ئەرشیفی بەعس و ئەمن و ئیستیخبارات بووە، بێگومان ئەوانە هەمووی ماون!؟

**ئەوە عەیبەیەکی گەرەبوو بۆ ئێمە**

من دڵنیاتان دەکەمەوە جارێکیتر هەموو پرۆسـەی ئەنفال ئەرشـیفکراوە،بەڵام خەمخۆرێک نەبوو کە ئاوڕ لەم بابەتە هەسـتیارە بداتەوە کە چەند گرنگ بوو ئەگەر ئێمە ئێسـتا ئەو ئەرشیفانەمان لەبەردەستبایاو سوودی دەبوو بۆ پێشخستنی مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەمان و لەئاستی دونیاشدا بایەخی خۆی دەبوو وەکو نەتەوەیەک زیاتر لەخەممان بن بۆ سەرخستی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان لەم قۆناغەوە بۆ قۆناغێکی باشـتر پێویسـتە حکومەتی هەرێک هۆڵەکانی سـەربازگەکانی تۆبزاواو دووبز بکرێتەوەو بەکاریبهێنێ وەکو مۆزەخانەیەک، پێویستە لەخەمی ئەو بابەتەبین، نەدەبوو ئەمنی کەرکوک بڕوخێنن و بیکەن بەمۆڵ و شوێنی بازرگانی، ئەوە عەیبەیەکی گەرەبوو بۆ ئێمە، دەکرا بهێڵدرێتەوە تا نەوە لەدوای نەوە بزانن کە کورد چی بەسەرهاتوە لەوشوێنە مەترسی و جێگە پڕ ئەشکەنجە دراوانەی کە سیمایەکن بۆ هێزی زەبەلاحی ڕژێم، هەزاران یـادگـاری بەدیوار هۆڵەکـانی سـەربـازگەی «دووبزو تۆپزاوا»وەیە کە جێپەنجەی ئەنفالکراوانە، بۆچی ئیسـرائیل شـوێنی مەنجەنیقی کوورەی سـووتانی مرۆڤە زوڵملێکراوەکانی جوولەکەی لەوڵاتی ئەڵەمانیا کڕی پاش جەنگی جیهانی دووەم، تاکو بۆ هەموو جیهان بسەلمێنێ کە جوولەکە چی بەسەرهاتوە، خۆ لە کوردستان پارەی نیە ئەی بودجەی نیە، باشە بۆچی لەخەمی کۆکردنەوەی ئەرشیف و دۆکۆمێنت و ئەو

**بابەتانە نابن کە ڕۆژێ لەڕۆژان زوڵمی پێکراوە بەرامبەر بەنەتەوەکەمان ئیتر کەرەسە بێت یان سەربازگە یاخود شوێن و ئەرشیفی کاغەز یان وێنە، پێویستە لێرە بەدواوە حکومەتی هەرێم لەخەمی ڕاستەقینەی ئەنفال و جینۆسایدبێت، بۆچی لە خەمی دادگایکردنی موستەشارو بەکرێگیراوەکانی رژێم نین!؟، ئایا ئەزانی ئەوەی باوکی منی دابەگرت لەپرۆسەی ئەنفالدا ئێستا لەکوردستان بۆخۆی بەئازادی دێت و دەچێ.!!**

**ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوان ئازارێکی زۆر قورس و بەسوێیەو ئێمە تائێستا بەرگەمان گرت، پێویستە حکومەت بە دڵسۆزی ئاوڕی ڕاستەقینە لەکەیسی ئەنفال بداتەوە، تەنها وەکو بۆنەیەک و تەشریفاتی نەبێت ساڵانە یادبکرێتەوە لێرەو لەوێ، ژیانی کەسوکاری ئەنفال بە هیچ نرخێک ناتوانرێ قەرەبووبکرێتەوە.**